# ئەوەی کردەوەیەک (پەرستنێک) دابهێنێت لەم ئاینەی ئێمە کە (لە بنەڕەتدا) تێیدا نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوە (داهێنراوە) ڕەت دەکرێتەوە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی کردەوەیەک (پەرستنێک) دابهێنێت لەم ئاینەی ئێمە کە (لە بنەڕەتدا) تێیدا نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوە (داهێنراوە) ڕەت دەکرێتەوە» [متفق عليه]. وله [مسلم]دا دەفەرموێت: «هەرکەسێک کردەوەیەک بکات کە لە دینی ئێمە نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوەیە وەرناگیرێت وڕەت دەکرێتەوە».
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەرکەسێك شتێك یان کردەوەیەك دابهێنێت لە ئایندا کە هیچ بەڵگەیەکی قوئان وسونەتی لەسەر نەبێت ؛ ئەوا ئەو شتە یان کردەوەیە ڕەت دەکرێتەوە وخوای گەورە قبوڵی ناکات لە بکەرەکەی.